# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەستا لەسەر قەڵایەک لە قەڵاکانی مەدینە، وفەرمووی: ئایا ئەوەی من دەیبینم ئێوە دەیبینن؟ ووتیان: نەخێر، فەرمووی: من فیتنە وتاقیکردنەوەکان دەبینم لە نێو ماڵەکانتدا ڕوودەدات ودادەبەزێتە نێو ماڵەکانتان وەکو زۆری بارینی دڵۆپەکانی باران

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەستا لەسەر قەڵایەک لە قەڵاکانی مەدینە، وفەرمووی: «ئایا ئەوەی من دەیبینم ئێوە دەیبینن؟»، ووتیان: نەخێر، فەرمووی: «من فیتنە وتاقیکردنەوەکان دەبینم لە نێو ماڵەکانتدا ڕوودەدات ودادەبەزێتە نێو ماڵەکانتان وەکو زۆری بارینی دڵۆپەکانی باران».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شوێنێکی بەرز لەسەر قەڵایەک لە قەڵاکانی مەدینەوە سەیری کرد وبە هاوەڵانی فەرمووو: ئایا ئەوەی من دەیبینم؛ ئێوە دەیبینن؟ من فیتنە وتاقیکردنەوە دەبینم دادەبەزێتە نێو ماڵەکانتان وەکو زۆری بارینی دڵۆپەکانی باران، وئەمیش ئاماژەیە بۆ ئەو جەنگ وفیتنە وتاقیکردنەوانە کە لە مەدینەدا ڕوویدا لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، لەوانەش: شەهید کردنی عوسمانی کوڕی عەفان -ڕەزای خوای لێبێت- وجەنگی (الحَرَّة) وجگە لەمانەش.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11213

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee